چەند هاوڵاتییەکی سەنگەسەر داوای یاسایی لەسەر کۆنە موستەشارێك تۆمارەدەکەن

یەکێك لەسکاڵاکارەکان بۆ هاوڵاتی دەدوێت

مستەفا حەسەن گەورە، یەکێك لەسکاڵاکارەکان ـ فۆتۆ هاوڵاتی

• ئا: ئامانج خەلیل

بەتۆمەتی کوشتنی ٣ کەس، ڕۆژی پێنجشەممە ١١/٣ لەدادگای سلێمانی، چەند هاوڵاتییەك داوای یاساییان دژی عەباس بایز ئاغا، کە کۆنە موستەشارێکی ڕژێمی پێشوی عێراقە، تۆمار کرد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەست هاوڵاتی کەوتوون، عەباس بایزئاغا کە ئێستا دانیشتووی شاری هەولێرە، ١٤ داوای یاسایی لە سالی ٢٠٠٣ وە لەسەر تۆمارکراوە، جگەلەوەی کە چەندجارێك دادوەر داوای لێکردووە ئامادەبێت لەبەردەم دادگادا، بەڵام تائێستا ئامادەنەبووە.

هەروەها دادگای سلێمانی لە هەمان سالدا بە ماددەی ٤٠٦ لە برگەکانی ٤٦، ٤٧، ٤٨، ناوبراوی تۆمەتبارکردووە و بە کوشتنی بە ئەنقەست بڕیاری دەستگیرکردنی دەرکردووە، بەڵام سێ ساڵ بەسەر بڕیارەکەی دادگادا تێپەڕیوە، تائێستا ناوبروا ئامادە نییە بچێتە بەردەم دادگا.

هاوڵاتی دەربارەی چۆنیەتی ڕووداوەکان و ژمارەی سکاڵاکاران، لێدوانێکی لەگەڵ مستەفا حەسەن گەورە ئەنجامدا، کە بەکێکە لەسکاڵاکاران و وەك شاهید حاڵێکیش لەسەر ئەو تۆمەتانە قسەدەکات کە ئاراستەی عەباس بایز ئاغا کراوە.

هاوڵاتی: ئاگادارین کە ڕۆژی پێنج شەممە بەتۆمەتی کوشتنی دوو بڕا و ئامۆزایەکت داوایەکی یاساییت لەدادگای سلێمانی لەسەر عەباس بایز ئاغا تۆمار کرد، بۆ؟

مستەفا: بەڵێ ڕاستە، پێمواید عەباس بایز جگەلە ناوچەی ڕانیەو قەڵادزێ هیچ کەسێکی تر نازانێت کێ یە، دەستی هەیە لەکوشتی دەیان کەسدا و وەکو شەخسی خۆی دەستی هەیە لەکوشتنی دوو برا و ئامۆزایەکەدا، براییەکەی لە ١٩٩٨١/٩/٢٧دا کوشت.

هاوڵاتی: ئەگەر ڕووداوەکە بگێڕیتەوە؟

مستەفا: ڕووداوەکە لەشەودا بوو ئێمە هەموو لەماڵەوە خەوتبوین، کارەبا نەبوو، کاکم مامۆستا "ئەمین کە شەهیدبوو" مامۆستای سەردەتایی بوو، وتی مستەفا بەردمان بۆ هەڵدەدەن، منیش خەوالۆبوم، هەستام کاکم لایتێکی گرتە ئەو شوێنەی بەردەکانی لێوە دەهات، ئەوندەمان زانی دەستڕێژکیان کرد لە کاکم، ئەویش کەوت بەسەر قەرەوێلەکەیداو دایکەم خوشکم هەستان کردیان بەگریان و قاووقیژ، ئەوانیش هەر گوللەیان دەهاویشت، بارەگایەکی عەسکەری لەنزیك ماڵمان بوو، ئەوان لەوێوە بەدۆشکە تەقەیان لێکردن، ئەوکەسانەی هاتبوونە سەرماڵی ئێمە ڕایانکرد، لەکاتی تەقەکانیشدا بوتلێك غازمان هەبوو، ئەویش تەقییەوەو دوای چەند دەقەیەك ئێمە چووینە سەر کاکم، خۆشەویستیی لەگەڵ کچێکدا هەبوو و چەند جارێك چووە داوای و نەیاندایە، شەوێك چوونە سەر ماڵی کچەکەو باوکیان شەهیدکرد، هەمان شەویش هاتنە سەرماڵی ئێمە، بە مەحمەدی برامیان وت تۆ کوشتوتە.

دوای ئەو ڕووداوانە، ئێمە بڕیارماندا بەتەواوەتی بچینە سەنگەسەر، ویستمان خانوکەمان بفرۆشین، ئەو شەوەی کە ویستمان خانووەکەمان بفرۆشین جەماعەتی عەباس بایز هاتنە سەرمان، چونکە زانیبویان ئەو کابرایەی کەخانووەکەمان پیفرۆشت سەر بەعەشیرەتی ئەوان بوو، یەکێك لەجاشەکانی ئەوی لەگەڵدابوو ئاگای لە وردەکارییەکانمان بوو، هەر ئەو شەوە هاتنە سەرمان و بە دەستڕێژی گوللە ئەمینی برامیان کوشت، ئەمە ڕووداوەکە بوو.

هاوڵاتی: بابێینەوە سەر دەعواکە، کەی و چۆن دەعواکەتان تۆمارکرد؟

مستەفا: ئێمە لەم هەفتەیەی پێشوودا سێ سکاڵامان تۆمارکردووە بۆ هەردوو براکەم و ئامۆزایەکم.

هاوڵاتی: ماوەیەکی زۆرە ڕووداوەکە بووە، بۆ ئێستا ئەو سکاڵایەتان تۆمارکرد؟

مستەفا: بەهۆی خراپیی زرووفی سیاسیی کوردستانەوە، شەڕی ناوخۆ بوو، هەروەها بڕیاری پەرلەمانیشە، هەرکەسێك داوای شەخسیی هەیە لەسەر ئەو جاشانە، با تۆماری بکات.

هاوڵاتی: تۆ باست لەوە کرد عەباس بایز تۆمەتبارە بەکوشتنی نۆ کەسی تر، ئەمە چۆنە؟

مستەفا: من ئامادەم لەبەردەم هەر دادگایەکدا بێت، شاهیدی بدەم لەسەر ئەو و نۆ پێشمەرگەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لەگوندی ماڵو بزنان گرتنی و هەر هەموویانی تەسلیم بەبەعس کرد، لەموسڵ لەسێدارەدران، هەفتەیەك پێش لەسێدارەدانیان من چووم بۆ سەردانی هاوڕێیەکم (لەتیفی عبدللە) ئەویش چاوەڕێی لەسێدارەدانی دەکرد، کادیرێکی کۆمەڵبوو، ئەویش هەر ئەوان دابوویان بەگرتن، من هەموویانم بینیو قسەشم لەگەڵدا کردن لەسجندا.

هاوڵاتی: جگە لەبنەماڵەی ئێوە وەکو بزانی کەسی تر هەیە داوای یاسایی لەسەر عەباس ئاغا تۆمارکردبێت؟

مستەفا: ١١ داوای یاسایی لەدادگای سلێمانی لەسەر تۆمارکراوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە من هەمە لەساڵی٢٠٠٣وە ئەو داوایانە تۆمارکراون، بۆ زانیاریی زیاتریش من ناوی ٤٤ کەسم لایە کە ئەم کابرایە دەستی هەبووە لەکوشتنیاندا، لەسایتی دەنگەکانیشدا ناوەکان بڵاوکراونەتەوە. هەر بۆ زانیاریشتان عەباس بایز بەپێی ماددەی ٤٦ فەقەرەی ٤٧و٤٨و٤٩ کە ئەمە کوشتنی عەمدەنی پێدەوترێت، لە دادگای سلێمانی ئەمری گرتنی هەیە. چەند جارێکیش ئاگادارکراوەتەوە بەڵام تائیستا نەچووە.

هاوڵاتی: تۆ داوایەکەت چۆن دەسەلێنیت ئایا هیچ کەسێکی تر هەیە شاهیدی بدات؟

مستەفا: شاهیدمان زۆرە، بەدەیان شاهید هەیە، لە ماڵەکەی خۆماندا حەوت شاهید هەیە، خەڵکی سەنگەسەر شاهیدە.

هاوڵاتی: جگە لە عەباس بایز ئاغا، سکاڵاتان لە دژی کەسی تر تۆمارکردووە؟

مستەفا: بیرایم ئاغای ئامۆزای عەباس ئاغا، کە ئەمری گرتنی هەیە، سکاڵاشمان لەسەر ئەو تۆمارکردووە، ئەو دوانە دوو ئامۆزابوون، دوو فەوج و دوو ئیستخباراتیان لەناوچەکەدا هەبوو.

هاوڵاتی: داوات چییە لە داداگا؟

مستبەفا: داوام ئەوەیە هەرچی زووترە ئەم کابرایە بێتە بەر دادگا، وەك چۆن عەلی کیمیاوی و سەدام هێنرانە بەردەم داداگا، کەسوکاری قوربانیان بێن دەعوایان لەدژ تۆمار بکەن.

هاوڵاتی: دەستگیرنەکردنی ناوبراو تا ئێستا کە ١١ سکاڵای یاسایی لەسەرەو فرمانی دەستگیرکردنی هەیە، بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

مستەفا: ئەم پرسیارە دەبێت لە دەستەڵاتدارانی سیاسی بکرێت، بۆ دەبێ حیزبە سیاسییەکان دااڵدەی پیاوانی بەعس و کورد کۆژەکان بدەن؟ کێشەکەیان بردووەتەوە بۆ لایەنی سیاسیی، بەڵام دڵنیابن کە خەڵك بێدەنگ نابێت، من خۆم یەکێکم لەوانەی کە لەوشتە بێدەنگ نایم؟

هاوڵاتی: چۆن بێدەنگ نابیت، جگە لە داوای یاسایی چی تر دەکەیت؟

مستەفا: ئەگەر لەدادگای کوردستان چارەسەر نەکرێت و بانگ نەکرێت، کێشەکەمان دەبەینە بەردەم دادگای عێراق، ئەوکاتەش لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیش نامێنێت، عەباس بایز و ئەوانەی خەڵکیان شەهیدکردووە، دەبێت بچنە بەردەم ئەو داداگایە، عەباس بایز بە جینۆسایدکردنیش تاوانبارە، چونکە خەڵکی بە کۆمەڵ کوشتووە، ٤٤ناوم لایە کە ئەو دەستی لە کوشتنەکەیاندا هەبووە.

هاوڵاتی: جگە لە تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن خۆت و بنەماڵەکەتەوە، چی هەولێکی تر دەدەیت؟

مستەفا: وەکو ڕێکخراوی چاك هەولێ تر دەدەین، ئەگەر لەکوردستان و عێراق یەکلایی نەکرێتەوە، ئەوا پەنا بۆ دادگای لاهای دەبەم، بۆ سەندنی هەقی خۆم و ئەو خەڵکەش، کێشەکە دەبەمە ئەوێ.

هاوڵاتی: وەلامی ئەو نامانە چیبوو، کە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمت کرد؟

مستەفا: هیچ، من پرسیارێك لە سەرۆکی هەرێم دەکەم، ئەو ئالای بەعسی داگرت کە پەڕۆیەکی ڕیزبوو، بەڵام پیاوکوژەکان ئاگرێت کە لەسایەی حکومەتی هەرێمدان و ڕۆژگارێك لەژێر ئەو ئالایەدا خەڵکیان دەکوشت و دەگرت، نامەکەی پەرلەمانیش هیچ وەڵامێکی نەبوو.

هاوڵاتی: عەباس یایز لە چاوپێکەوتنێکیدا کە لە ڕۆژنامەی میدیادا بڵاوبۆتەوە، دەڵێ من ئاگاداری ئەو کوشتنانە نیم کە باسی دەکەن!

مستەفا: لەداوی بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، سوێند و تەڵاقی خواردبوو کە ئاگاداری نییە، من لە دیوەخانەکەی دانەنیشتووم تا سوێندو تەڵاقم بۆ بخوات، من کابرایەکم داوای یاساییم لەسەری هەیە، دووەجار هەڕەشەی کردبوو، دەڵێ با دوژمنایەتی تازە نەبێتەوە، من دوژمنایەتیم لەگەڵ عەباس بایزدا نییە، من کێشەیەکی یاساییم لەگەڵیدا هەیە، لە زروفێکی دیاریکراودا، کۆمەڵێ شتی کردووە، لەو زروفەدا کە ئەوان جاش بوون و ئێمەش پێشمەرگەو شۆڕشگێڕ بووین.

لە بەدوادا چوونەکانی هاوڵاتیدا، لەسەر ئەم کێشەیە، دەرکەوت کە ١١ کەس کە زۆربەیان خەڵکی سەنگەسەرن، لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٠/٨دا لە بنکەی پۆلیسی سەنگەسەر داوای یاساییان لەسەر ناوبراو تۆمارکردووەو ئەمەش ناوەکانە.

١-ئیسماعیل عەبدوڵا، ٤٨ ساڵ، بە تۆمەتی کوشتنی براکەی، فەرەج عەبدوڵا، لەگەڵ ٩ کەسیتردا.

٢-عومەر مستەفا حسێن، بەتۆمەتی کوشتنی براکەی، مەحمود مستەفا حسێن، لەگەڵ نۆ کەسیتردا.

٣- عەزیە ئالی عومەر ٣٥ ساڵ، دانیشتوی حاجی ئاوا.

٤-بەس سورە ڕەمەزان، ٢٥ ساڵ گوندی گرتك.

٥- مریەم حسەین مەحمەد، ٤٦ ساڵ حاجی ئاوا

٦- کەژاڵ مەحمود عەولا، ٤١ ساڵ، سەنگەسەر،

٧- فات برایم عەولا، ٧٧ساڵ سەنگەسەر.

٨-ئایش ڕەسوڵ شێخە، ٥٠ ساڵ، سەنگەر.

٩-عائیشە نەبی ئەحمەد، ٣٨ ساڵ، سەنگەسەر.

١٠-فاتە ڕەسوڵ قادر ٣٥ ساڵ سەنگەسەر.

١١-ئایش ئەحمەد قادر ٦٩ ساڵ، سەنگەسەر.

ڕۆژی ١١/٥ /٢٠٠٦ ئەم کەسانە داوای یاساییان لەسەر تۆمارکردووە.

١-فاتە حەسەن گەورە ٤٦ ساڵ، بەتۆمەتی کوشتنی دوو برای و ئامۆزایەکی، قەڵادزێ.

٢- پیرۆز حەسەن گەورە، قەڵادزێ. ، بەتۆمەتی کوشتنی دووبرایی و ئامۆزایەکی

٣- ڕاب حوسێن نادر، قەڵادزێ، بەتۆمەتی کوژرانی کوڕێکی.

دوای چوار ساڵ، پرۆژەی ئاوی پیریاد تەواو نەکراوە

• بەدواداچونی: پشتیوان سەعدوڵا

پرۆژەی ئاوی پیریاد لە ناحیەی شۆڕش تائێستا تەواونەکراوە، لەکاتێکدا ماوەی چوار ساڵە کار لەو پرۆژەیەدا دەکرێت.

دانیشتوانی ناحیەی شۆڕش کە زۆربەیان کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، باس لەوەدەکەن کە پرۆژەکە ماوەیەکی زۆرە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تائێستا ئەنجامەکەی بۆ دانیشتوانی ناحیەکە ڕوون نییە.

پرۆژەی ئاوی پیریاد لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف لەساڵی ٢٠٠٢دا دەست بەکارەکانی کراوە، بەرپرسانی ئیداری ناوچەکەش هیچ لەبارەی پرۆژەکەوە نازانن، هەتا ناشزانرێت بودجەی تەرخانکراوەکەشی چەندە.

دانیشتوانی ناحیەی شۆڕش کە ڕۆژانە بەدەست بێئاوییەوە دەنالێنن، نیگەرانن لە تەواونەبوونی پرۆژەکە.

نیزام نازم، گەنجێکی تەمەن ٢٣ساڵەو دانیشتووی گەڕەکی پیریادی ناحیەی شۆڕشە، وتی "کە زۆر دەمێکە لە چاوەڕوانیی تەواوبوونی ئەو پرۆژەیەدان، بەڵام هۆکارەکەی بۆ خەڵك ڕوون نییە بۆچی تەواونەکراوە."

نیزام وتی "لەساڵی ٢٠٠٣دا شارەوانی چەمچەماڵ بەڵێنی ئەوەی پێدین کە کێشەی کەمئاویی چارەسەر دەکات، ئاوی بیر دەخۆینەوە کە بووەتە هۆی نەخۆشیی بۆمان.

وتیشی "خەڵك چ دڵێکی بەحکومەت خۆشبێت؟"

کچان و ژنان لە ناحیەی شۆڕش ڕۆژانە بۆ دەستکەوتنی ئاوی خواردنەوە، ڕوو لەو بیرانە دەکەن، کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە لێدراون، ئەویش لەڕێگەی تەنەکەو دەبەوە کە دەیخەنە سەرسەریان.

ئومێد لەتیف ــ بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش، ئەوەی نەشاردەوە کە کەمتەرخەمیی زۆر لە پرۆژەکەدا کراوە، بەوەی کە ماوەیەکی زۆرە کاری تێدا دەکرێت و تەواو نەبووە.

وتیشی "بەڕای من بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکەش کە پێش من بووە، کەمتەرخەم بووە، چونکە خودی پرۆژەکە ناتەواوییەکی زۆری تێدابووە. کاتی خۆی بەتایبەتی لەشەبەکەی ئاوەکەدا هەڵەیەکی زۆری تێدا کراوە و دەبوایە ئیدارەی ناحیەکە ڕازی نەبوایە کە بەو شێوەیە پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت."

هەروەها وتیشی "لەسەردەمی خۆمدا بە نووسراو شارەوانی چەمچەماڵم ئاگادارکردووەتەوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە و هەر لەسەردەمی منداا سەرچاوەی ئاوی بۆ ڕاکێشراوە."

بەرپرسانی ناحیەکە، تەواونەبوونی ئەو پرۆژەیە لە ئەستۆی خۆیان دەردەهێنن بەوەی کە لە ئیدارییەکانی پێش ئەواندا کەمتەرخەمیی هەبووە.

بەڵام دانیشتوانی ناحیەکە بڕوایان بەو جۆرە بیانوانە نییە، ئەویش چونکە چەند ساڵێکە ئەو بیانوانە بۆ تەواونەکردنی دەهێننەوە.

حەلاو حەسەن، ژنێکی تەمەن ٦١ ساڵە و دانیشتووی ناحیەی شۆڕشە، زۆرێك لە کەسوکارەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون. وتی "١٦ ساڵە من وەسەر ئاو تێرم، کێی هەیە لێپرسینەوە بکات و خەمی فەقیر وهەژار بخوات، ولاتی کەس بەکەسە."

هەروەها وتیشی "خۆزگە ئەخوازم منیش ئەنفال بیمایە."

نەوزاد جەلال ــ سەرۆکی شارەوانی قەزای چەمچەماڵ، هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە. خۆی لەڕاستیدا شاری چەمچەماڵ بەگشتیی کێشەی سەرچاوەی ئاوی هەیە. "بەتایبەتی گەڕەگی پیریادیەکان، کە لەهیچ لایەکەوە سەرچاوەی ئاوی پێناگات."

پرۆژە تەواونەکراوەکەی ئاوی پیریاد ـ فۆتۆ: هاوڵاتی

سەرۆکی شارەوانی وتی "بۆیە ئەم پرۆژەیە کێشەی گەورە سەرچاوەی ئاوە، بەڵێنێکی زۆرمان پێدراوە کەچەند بیرێکمان بۆ لێبدرێت، بەڵام تا ئێستا هیچیان هەڵنەکەندراون، ئێمە چوینە لای سەرۆکی حکومەت و خۆی بەڵێنی پێدایین کەکێشەی ئاومان بۆ چارەسەر بکات، بۆیە ئومێد دەکەم کێشەی کەمئاویی چارەسەر بکرێت بەپێی بەڵێنەکانی حکومەت."

ئەندازیار جومعە ئەمین کەریم ـ لێپرسراوی ئاوی چەمچەماڵ، سەبارەت بەپرۆژەکە وتی "لەکاتی خۆیدا بەشێك لەو ئیشانەی پرۆژەکە من سەرپەرشتیم کردووە، بەشێوەیەکی هەندەسی دانراوە، بەڵام بەداخەوە درەنگ هەولدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاویی ئەم گەڕەکە."

وتیشی "تائێستا هیچ تەنکییەکی گەورەی بۆ دانەنراوە، کە لە ڕاستیدا پێویستی بە چەند تەنکییەك هەیە، گەڕەکەکە زێراب و تێکەڵە ڕێژکراوە، کە ئەمە زەرەرێکی زۆری داوە لەپرۆژەکە."

بەکورتیی...

پرۆژەی ئاوی پیریاد، لەناحیەی شۆڕش، لەساڵی ٢٠٠٢دا دەستکراوە بە جێبەجێکردنی. ڕووبەری زەوییەکەی ٤٧ کیلۆمەترە. بەرپرسانی ناحیەکە دەڵێن بودجەکەی نازانین کە چەندی بۆ تەرخانکراوە، لەسەرەتادا لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێفەوە جێبەجێکراوە.